# کەناڵی ئاسمانی زاگرۆس و هەڵوێستەیەك

**نوسینی : كاردۆ/ سلێمانی**
**kardoslemany@yahoo.com**

بێگومان لەكۆمەڵگای دیموكرات ڕاگەیاندن رۆڵێكی ئاكتیڤ و گرنگی هەیە ، وەیەكێكە لە كۆڵەكە سەرەكی و بەهێزەكانی مەدەنیەت واتە بالانسێكە لەنێوان دەستەلأت و میللەت ، بە مانایەكی دیكە ، هێزی تەوازنیە بۆ سیسیتەمی دیموكرات ، كۆمەڵگای كورستان یەكێكە لەو كۆمەڵگایانەی كە لە قۆناغی مومارەسەكردنی دیموكراسی و هەوڵی بە موئەسەسەكردنی دیموكراسیدایە ، لەم سۆنگەیەوە ڕاستگۆی و سەربەخۆی ڕاگەیاندن گرنگی خۆی هەیە ، ئەوەی شایەنی ووتنە لە كوردستان كەناڵەكانی ڕاگەیاندن زیاتر حزبین و ڕاگەیاندنی سەربەخۆ لە قۆناغی سەرەتایدایە وجگە لەوەی كەخەسڵەتێكی دیكەی ئەوەیە كە ڕاگەیاندیی كوردی لەچەندین ڕووەوە هەژارە ( چ لەڕووی نەوعی و چەندێتیە ) یەوە . من لەم نوسینەدا كەناڵی ئاسمانی زاگرۆس دەكەمە سەمپڵ بۆ ئەم باسەم :

رەنگە خوێنەر بپرسێت بۆ كەناڵی زاگرۆس ؟ چونكە ئەم كەناڵە بۆتە جێگەی سەرنج لە لای من و هاوكات ئەداعی ئیعلامی و هونەری ئەم كانەڵە جێگەی هەڵوێستە كردن و سەرنجە ، هاوكات من بینەرێكی ئەم كەناڵەم كەواتە ئەو مافەم هەیە قسە لەسەر ئەم كەناڵە بكەم .

كەناڵی ئاسمانی بە جیا لە ژێدەرەكانی دیكەی راگەیاندن تایبەتمەندی خۆی هەیە و بۆتە ئاوێنەی كلتورو شارستانی هەموو میلەتێك واتە ئێمە دەتوانین لەم ڕێگایەوە میللەتانی پێ بناسین ، بێگومان هەموو كەناڵێك سیاسەتی تایبەتی ئیعلامی خۆی هەیە وە بە تایبەت بۆ نەتەوەیەكی وەكو كورد كە ژمارەی كەناڵی ئاسمانی سنورداری هەیەو تاكە دەروازەیەكە بۆ پەیوەندی لە نێوان دەرەوەو ناوەی كوردستان و هاوكات لەگەڵ تەواوی پارچەكانی دیكەی كوردستان ئەمە جگە لەوەی بەهۆی ئەوەی كە كورد هەمیشە مللەتێكی ژێر دەستە بوو بواری خزمەتكردنی كلتورو ژیاری خۆی كەمتر هەبوە هەمیشە سەرقاڵی بەرگریكردن لە خۆبوە ، لەم بۆچونەوە ئەوە گەلألە دەبێت كە كەناڵی ئاسمانی كوردی كۆمەڵە واجبێكی دیكەی هەیە جگە لەو واجبە سروشتیەی هەر كەناڵێكی ئاسمانی دیكە هەیەتی واتە تموح و خواستی بینەری كورد لەم كەناڵە ئاسمانیانە زێدەترە .

بەداخەوە ئەوەی جێگەی داخ و سەرنجی منە وە بۆتە هۆی ئەم نوسینەم كەناڵە ئاسمانیە كوردیەكان بەم ئاراستەیەدا كار ناكەن و بەپێچەوانە زۆر جار زیان بە كلتورو هونەرو ڕاگەیاندی ئازاد لە كوردستان دەگەیەنن. یەكێك لەو كە ناڵە ئاسمانیانە بریتیە لە كەناڵی زاگرۆس .

من داوای لێبوردن لە هاوڕێیانی بەڕێزی زاگرۆس دەكەم هیوادارم بە ڕووحێكی وەرزشیانە لێم قبوڵ بكەن ، وە ئامانج لەم ڕەخنانە بریتیە لە جوان بوونی ئەو كەناڵە .

کەناڵی زاگرۆس لە ڕووی سیاسەتی ئیعلامی ( سیاسەتێکە خزمەت بە ڕاگەیاندنی ئازاد نەکات ) واتە بەشێوەیەکە بە ئاراستەی خزمەتکردن و تەسکردنی ئەدای ئیعلامی کەناڵێکی ئاسمانیە کە بەگۆی زەویدا پەخش دەبێتەوە بۆ بەرژەوەندیەکی بچوك ! کەبەرژەوەندی حزبیە ، لە زاگرۆس دەنگ و بەرنامە و قسەی جیاواز نابینین .

وە ئەم کەناڵە بەئاراستەیەکی زۆر محەلی کار دەکات بۆ نموونە هەواڵی کۆبونەوەی حزبی زۆر محەلی بڵاو دەکاتەوە کە هیچ پەیوەندی بە خەلکەوە نیە . واتە نەیتوانیوە لە ڕووی بازنەی ئیعلامی سنوری محەلی بوون بپەڕێنێت ، چونکە خەسڵەتی کەناڵی ئاسمانی بە جیهانی بونی خەبەر و ئەدای ئیعلامیە بەڵام زاگرۆس زۆر محەلیانە کار دەکات .

سایەتی خزمەتکردنی کلتوری و هونەر :

لە ڕاستیدا هیچ رۆژ و کاتێك بەقەدەر ئەمرۆ، وە هیچ دەزگایەك بەقەدەر زاگرۆس هونەرو کلتوری کوردی ناشرین و بێ بایەخ نەکردوە ، ئەوە کەناڵی زاگرۆسە رۆژانە گۆرانی  ناهونەری کە نەك شایستە نین بڵاو بکرێنەوە بەڵکو سوکایەتیە بە هونەرو ناسنامەی هونەروموزیك و کلتوری کوردی ، واتە کار دەکات بۆ نمایش کردنی هونەری (بازاڕی ) دوور کەوتنەوە لە هونەری جاد ؟ من دەپرسم بۆ ؟ ئایا ئێمە هونەری راستەقینەمان نیە ؟ ئایا ناتوانن کارێك بکەن سنورێك بۆ حاڵە نەشازە دابنێن ؟

لەڕاستیدا هەر کەسێکی بیانی سەیری ئەو کەناڵە بکات وا لە هونەرو گۆرانی کوردی  دەگات کە ئێمە لە قۆناغێکی سەرەتای و بازاڕیداین ؟ ئێمە بێ موزیکین ؟ بێ ٚ هونەر !

بەڕێزانی زاگرۆس ئەمە بۆ ؟

سەیرو سەمەرەیەکی دیکەی ئەم کەناڵە ئەو بەرنامەنایە کە ناسراون بە تەرفیهی  کە لە ڕاستیدا بەرنامەی تەرفیهی مەرج و لایەنی تەکنیکی بەرزی خۆی هەیە ، بەلأم ئەم کەناڵە ئەم لایەینەشی کردۆتە پەندی زەمانەو مەپرسەی دەوێت بە رادەیەك کە سەیری بەرنامە تەرفیهیەکان دەکەیت گریانت دێت. لە راستیدا ئەوە  بەرنامەی تەرفیهی نیە بەڵکو بەرنامەی (گاڵتەجاریە ) ببورن کە وادەڵیم بەلأم ئاخر بۆ نەتەوەیەکی وەکو کورد کە جگە لە چەند کەناڵێکی دیارکراوی ئاسمانی کەناڵی دیکەمان نیە ، وە تاکە دەروازەیەکی سەرەکیە بۆ ناساندنی رووی میللەتەکەمان بە دونیا ؟ ئاخر ئێمە چۆن دەتوانی بڵێی شارستانی و کلتوری ئێمە پێشینەی ٢٠٠٠ ساڵەی هەیەو ئێمە نەوەی (مادەکانین) ئاخر نەوەی مادەکان کە خاوەن شارستانیەکی دێرنن چۆن دەبنە مەخسەرەو پەندێك ئاوا !

خاڵێکی دیکە کە پەیوەندی بەلایەنی هونەریەوە هەیە : لەگەڵ ئەوەی من پسپۆری هونەری نیم بەلأم ئەم چەند قسەیە دەکەم وەکو بینەریك .

زۆر لاوازە و بەرادەیەك هەندێك جار دیکۆرەکانی مایەی پێکەنین ! ئەمە جگە لەوەی بێژەرەکانی جگە لەوەی لە خوێندنەوە هەڵەی بێشومار دەکەن هاوکات ئەدایان زۆر خراپەو جێگەی سەرنجن لەگەڵ داوای لێبوردنم .

نامەوێت لەمە زیاتر قسە بکەم بەڵام دوا قسم ئەوەیە بەڕێزانی زاگرۆس هییوادارم لە رەخنـەکان ببـورن و سـەرلەنوێ بـە سیاسـەت و ئـەدای ئیعلامـی و هونـەری کەناڵەکـەدا بچنەوە یـان گـەر نـا دەبنـە بـار بەسـەر راگەیاندنی کوردیەوە و زیان بە ناو ناوبانگ و کلتورو هونەری کوردی دەگەیەنن بەهیوای جوان بوونی ئەو کەناڵە .